# لەبەردەم پرسیارێتیەکی مێژوویدا...ویژدانم ئاسودە دەکەم



**فازڵ عومەر**

**ئەگەر برایەکی ئێمە توانای هاوارکردنی نیە, ئێمەین کەدەبێت ئەوکارەی بۆئەنجام بدەین.**

**(پاولۆ کۆیلۆ)**

واقعێکی تاڵ لەکۆمەڵگای ئێمەدا دەگوزەرێت, هاوشاری و هاوڵاتیەکانمان بێپەروا باجی ئەو ناهەقی و جیاوازی و بێخەمییە دەدەن کەدەسەڵاتی سیاسی لەم هەرێمەدا سەرچاوەیەتی, قورسە مرۆڤ بتوانێت لەئاست هاوسەنگ کردنی ئەو هاوکێشە ئاڵۆزەدا بێت, کەبەئەندازەیەك تینی سەندووە تابینە قاقای مرۆڤەکان هاتووە و دەسی لەگەردنیان ناوە, گەنەڵی کەدەکرێت وەك سیمایەکی دیار ئەم دەسەڵاتەی پێ بناسینەوە, ئەگەر لەسەر ئەم رەووتە هەنوکەییەی بەردەوام بێت دوورنیە کۆمەڵگا بەوئاقارەدا بەرێت, کەخراپترە لەقۆناغی کۆیلایەتی و دەرەبەگی, ئەمڕۆ لەم هەرێمەدا چینی ناوەند روو لەناو چوونە, لێ چینێك کەژمارەیان لەقامەکەکانی دوودەست تێناپەڕێت(ئەمەسئول و بەرپرسەکان)ن, و دەکرێت وەك فۆڕمێکی نوێی دەرەبەگ تەماشایان بکەین, ئەمانە لەکەماڵی سەڵتەنەتدان و خاوەن هێزوو توانایەکی بێسنوری माددين, قۆرخی بەشێێکی زۆر لەداهاتوو دەستکەوتەکانی ئەم ولاتەیان کردووە و لەسەرحسابی کۆمەلانی خەڵك هەمووی بۆنەتەتاجر و بازرگانی بەناوبانگ کە هەرڤێللا و باڵەخانەو سۆپەرمارکێتێك بینی و بەرچاوبکەوێت هی ئەمانەیە, چینێکیش کەغەرقی کێشەیە و تەواوی خەوونەکانی لە دەستکەوتنی دووهۆدە بۆ نیشتەجێبوون و بتڵێك غاز و دەبەیەك نەوت یان بەنزین و بوونی چەند سەعاتێك کارەبادا بچووك بۆتەوە, ئەو چینەیە کەژمارەی ئەندازەگیری ناکرێت, ئەوخەڵکەیە کەبەدرێژای مێژوو باجی کوردبوونی داوە و لەهەرسەروەختێکدا دەسەڵاتی کوردی دەرگیری جەنگ و کێشە ناوخۆی و دەرەکیەکان بووبێت, لەشێوەی قەڵغانێکدا بۆ پارێزگاری کردن لەبوون و وجودی خۆی بەکاری هێناون, ئەو خەڵکەی کەلەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەبرێتە جێگای یەزدان و سەرانی سیاسی بەدەیان شێوەی جیاجیا لێیان دەپاڕێنەوە تابەدەنگێك بەشداری لەپتەوکردنەوەی پێگەو هێشتنەوەی کورسیەکانیاندا بکەن, هەمیشە ئەم خەڵکە بەو مقاشە دەچێت تائەوکاتە لەناو تەنورەکەدایە نانەکەی بەدەمەوەیە, هەرکاتێك مقاشەکە لەئاگری تەنورەکە دەکشێتەوە ئەوەی لەگەڵ مقاشەکەدا دەکرێت تەنها وتەنها ئەوە بووە کە نانەکەی لەدەم دەگیرێتەوە.دەسەڵاتی کوردیش مامەڵەی لەگەڵ خەڵك مامەڵەی نانەوایە لەگەڵ مقاشەکەی, دەسەڵات

تائەوکاتە بەتەنگ خەڵکەوە دێت و مەوادا لەنێوان ئەو خەڵکدانیە, کەئیشی پێیەتی و شەڕی پێدەکات, ئەگەرنا دوای ئەوەی دەسەڵات بەمەرامەکانی دەگات, مەودای نێوانی لەگەڵ ئەوخەڵکەی, کە(بەبێ ئەوان مانایەك نامێنێتەوە بۆ بوونی) ئاسمان و ڕێسمانە.

خەڵکێك ئەگەر ئەمڕۆ لەپێناو سەرەتایترین مافەکانیدا دەنگێکی لێبەرز ببێتەوە, تۆمەتبار بەوە دەکرێت کە ئەمە دەستێکی ناخەز بەم ئەزموونە لەپشتیەوەیەتی و هانی داوە, تۆ بەوە قەرزار باردەکرێیت ئەوەنیە پارك و جسر و ئوتێلت بۆ دروستکراوە, کاتێك دەڵێیت شیراتۆن و پالآسێك بەمن چی, کەمن ساڵێکە بەدووای دوو هۆدەدا دەگەڕێم دەستم ناکەوێت, بەدەنگێکی بەرزی لێپرسینەوەوە پێت دەڵێن چۆن ئەمانە سیمای شارەکەت بۆجوان دەکەن! ئەمڕۆ ئەم خەڵکە کەبەشێکی لەبێئاگای و بەشێکی گەورەی لەناهۆشیاری و بەشێکی هەڵخەڵەتاو و چاوەڕوانی جێبەجێکردنی شیعار و وەعدەکانە, گیرۆدەیەو, بەدەست ئەم گیرۆدەبوونەوە دەناڵێنێت, بەبێ ئەوەی توانای هاوارکردنی هەبێت, لەچواردیواری هەرماڵێك, لەناوتەکسی, لەسەر شەقام, لەدامودەزگاکان, لەدووکان و ناوبازاڕ و مزگەوت و کوچە و کۆڵانەکان خەڵك لەبەرامبەر ئەم ڕەوشەدا بەشێوەیەکی پەرت نیگەرانی و ناڕەزای دەردەبڕن, بەلاّم چاوەڕاوانی ئەوە ناکرێت لەم پەرتەوازەییە کۆدەنگیەك دروست ببێت, چاوەڕێی ئەوە ناکرێت ئەم نوزە نوزەی خەڵك ببێتە دەنگێك کەتوانای کاسکردنی گوێی دەسەلاّتی هەبێت, ئەوە ئێمەین کەدەبێت ببینە بڵندگۆ تائەو نوزە و دەنگە بچوکەی خەڵك بۆ دەنگێك گەورەبکەین کەدەنگدانەوەی هەبێت, چونکە ئێمە لەبەردەم بەرپرسیاریەکداین کەپێویستە لەئاستیدا ئەگەر بەنووسینی ڕستەیەکیش بێت ویژدانی خۆمان ئاسودەبکەین, هەروەك "کەیخوسرۆ جەمشیدی" دەڵێت: ڕۆشنبیر پێویستە لەخۆیدا هەست بەم بەرپرسیارێتیە بکات, بەرامبەر بەئاگای خۆی مولتەزم بێت, ڕۆشنبیر هەمیشە هەق پەرستە و بەدوای هەقدا دەگەڕێت, کاتێك عەدالەت بۆ کۆمەڵگایەك بەپێویست زانرا بەناچاری دەبێ کەپێداویستیە لەپێناوی تێبکۆشێت.

2006–6–18
kurdistan
Fazl_umar@yahoo.com